# ژن و دەستور

**ژنان لەعیراق و بەتایبەتیش ژنانی کوردستان، بەدوای رووخانی رژیمی بەعس و هەلوەشانەوەی سەرجەمی ئەو بریارو یاسایانەی پەیوەندی یان بەژنان و مافەکانیانەوە هەیە، هاوکات هەلوەشاننەوەی یاسای باری کەسایەتی کە کوشتنی ژنانی بەبەهانەی شەرەفەوە ری پیدابوو، یەك ئالوگۆری گەورەی کۆمەلایەتی دەخاتەروو. بەلام سازدانەوەی دەولەت و مەسەلەی دەستور هیشتا مەیدانیکی کراوەی لەبارەی ماف و ئازادیەکانی ژنانەوە خستۆتە سەرپشت. ئەوەی داهاتووی دەستوری عیراق چ جیگاو ریگایەك بۆژنان قایل دەبی وتاچەند بەپیوانەی شەریعەتی ئیسلامی و قەومیەوە دەیبەستیتەوە مەسەلەیەکی مەترسیدارە و بەیکجاری ژنان راپیچدەکاتەوە بۆ ژیر سایەی رژیمیك کەمافەکانیان تیدا ژیر پیدەنرێ وبەم هۆپەشەوە کۆمەلگای عیراق و داهاتووەکەی بەزەرەری ژنان تەواو دەکات.. ئیمە بۆ خستنە رووی ئەم واقعیەتانە و هاوکات بۆ هەلدانەوەی راستیەکانی رەشنوسی دەستور لەگۆشە نیگای هەلسوراوانی بزوتنەوەی ژنانەوە ئەم گۆشەیەمان کردۆتەوە.. .. لەگۆشەی ئەمجارەشماندا ، هەلالە رافع بەرپرسی کۆمیتەی بەرگری لەمافەکانی ژنانی عیراق لەسوید. دەدوێنین:**

**خەسرەو سایە: هەلالە رافع هەروەك ئاگادارن ماوەیەکە رەشنوسی دەستوری عیراق لەلایەن کۆمەلەی نیشتمانی عیراقەوە خراوەتە بەردەم رای گشتی و تائیستاش بارو سەرەنجی جیاوازی لەسەرە.. لەروانگەی ژنان و بزوتنەوەکەیانەوە ئیوە ئەم  رەشنوسە چەندە بەقازانجی ماف و ئازادیەکانی ژنانی عیراق دەبینن؟ بەواتایەکی تر ئەم رەشنوسە چەندە وەلام بەخواستەکانی ژنان دەداتەوە؟**

هەڵاڵە رافع:  گومانی تیدا نیە کە ژنان وە مەسەلەکانیان وە بارودۆخیان بەشیکی دانەبراوەیە لە بارودۆخی کۆمەلگا بەگشتی، وە لەلایەکی تریشەوە پیچەوانەکەی ئەوەیە کە پیوانەی پیشکەوتنی هەر کۆمەلگایەك پەیوەندی بە ئەندازەی پیشکەوتنی بارودۆخی ژنان هەیە لە هەموو بوارەکاندا.

ئەگەر چاویکی خیرا بەو لایەنانەدا بخشینین وە ریزیان بکەین، بزانین لایەنیکیان ئەدۆزینەوە کە بە کردەوە توانیبیتی لانی کەمی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بسەلمینی وە یان کاری بۆ بکات؟ من دەلیم بیگومان نا، نایدۆزینەوە.

ئەو هیزو لایەنانە نوینەرایەتی بۆچونی گرووپ وە تاقمیکی عشیرەتی دیاریکراو ئەکەن کە هیچ پەیوەندییەکیان بە چاکسازی بارودۆخی سیاسی، کۆمەلایەتی وە ئابووری کۆمەلگاوە نیە کە لەبەرژەوەندی کۆمەلگادا بیت بە گشتی. بەلکو بە پیچەوانەوە شانبەشانی میلیشیای ئەمریکی بوونەتە مایەی ویرانکاری وە دارووخانی مەدەنیەت وە ئایدیای ئینسانی لە ئەمرۆی کۆمەلگای عیراقدا.

بە دریژای میژوو وە لە هەرشوینیکدا بۆچوونی دینی، میللی، عەشیرەتی کاروباری کۆمەلگای گرتبیتە دەست وە سیاسەت و یاسای دارشتبی جگە لە زولم و زۆر وە نابەرابەری وە نایەکسانی هیچ دیاریەکی تریان بۆ کۆمەلانی خەلکی پی نەبوە تەنانەت بۆ هاوبیرانی خۆشیان.

ئەم هیزانەی کە رەشنوسی دەستوریان نوسیوەتەوە بۆچونیان بۆ ژنان بۆچوونی 1400 سال لەمەوپیشە، بیهێنەبەرچاوی خۆت ئەبی ئەمانە چ ئازادی و مافیك بۆ ژنان بەرەسمی بناسن غەیری "ناقص العقل، بیتوانا، پیس، بەردەیی، حیجاب، سەنگسار...".

لە دەستوردا کە دەلیت عیراق وولاتیکی فرەقەومیە وە بەشیکە لە دنیای ئیسلام، وە ئیسلام دینی رەسمی بیت وە سەرچاوەی دارشتنی ئەو دەستورە بیت ئەبیت چ بۆ کۆمەلگا بەگشتی وە یان بۆ ژنان بە تایبەتی چ چاوەروانیەکمان لیی هەبیت.

لە بەرامبەر بریاری 137 چ لە ناو عیراق وە چ لەدەرەوە هاتینە سەر جادە تا پاشەکشەمان پیکردن، بەلام ئیستا نەك تەنها یەك بریار یان یاسا بەلکو هەموو دەستوری عیراق هەمان ئەو ناوەرۆکەی هەیە.

لەم دواییانەدا تەنانەت بەهۆی کیشمەکیشی لایەنەکان خۆیان وە سەرکەوتنی لایەنی تەواوعەیار دواکەوتوانەیان مادەی 44 یان لابرد کە پەیوەندی بە بریارە نیودەولەتیەکانەوە هەیە وە دەلیت: (لجمیع الافراد الحق في التمتع بكل الحقوق الواردة في المعاهدات والاتفاقيات الدولية المعنية بحقوق الانسان التي صادق عليها العراق، والتي لاتتنافى مع مبادئ واحكام هذا الدستور).

ئەمانەو چەندەها فاکتۆری تر وادەکەن کە دەستوور نەك تەنها وەلام بە خواستەکانی ژنان نەداتەوە بەلکو تا سەر ئیسقان لە دژی مافەکانی ژنان بێت.

**خەسرەو سایە: بەلام  نوسەرانی دەستور رۆژانە رادەگەیەنن کە ئەگەرچی ئەم دەستورە ناتوانی بەتەواوی دلی هەمووان رازی بکات لەوانەش ژنان، بەلام لەزۆریەك لەبەندەکانیدا  ئاماژەبە یەکسانی ژن و پیاو کراوە و ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی ژنان لەپشت ئەم دەستورەوە راوەستن.. ئیوە لەسەر ئەم رایە دەلین چی؟**

هەڵاڵە رافع: ئەوەی ئەوان ئەیلین کە ئەم دەستورە ناتوانی دلی هەموان رازی بکات، لیرەدا مەبەستیان لە هەموان کۆمەلگا یان ئەفرادی کۆمەلگا نیە بەلکو مەبەستیان ئەو گرووپ و لایەنانەیە کە لە دارشتنی رەشنوسی دەستوردا بەشدارن، بۆ نمونە ناتوانن بە تەواوی دلی " گروپی شیعە، سونی، ئەحزابی ناسیونالیستی عەرەبی وە کوردی ..." وە ئەمەش بە مانای کۆمەلگا نیە.

ئەوەی کە ئاشکرایە ئەم گرووپانەش هیچ پەیوەندییەکیان بە حەزوو ئارەزووی کۆمەلگا وە تاکەکانی کۆمەلگاوە نیە. وە خواستەکانی کۆمەلانی خەلك وە ژنان شتیك نیە بۆ زەرڕەیەکیش دەستور گرنگی پیدابیت.

هەموومان رۆژانە لە دەزگاکانی راگەیاندندا دەیبیستین وە دەیبینین کە بە چ ئەندازەیەك کۆمەلگا بە گشتی وە ژنان بەتایبەتی نیگەرانی خۆیان لەم دەستورە دەرئەبرن وە هیچ ئومیدیکیان بەوە نیە کەدەستور دەستیکی لە چاکسازی بارودۆخیاندا هەبیت. بە پیی میژوویەك کەکۆمەلگا لەسایەی ئەم گرووپ و عەشیرەتانەوە پشت سەری ناوە هیچ تەوەهومیکی لەوە نیە کە بە داسەپاندنی دەستورەکەشیان زیاتر عیلمانیەت وە مەدەنیەتی کۆمەلگا لەناوئەچیت، وە هەویەتی قەومی و مەزهەبی و عەشیرەتی جیگای هەویەتی ئینسانی دەگریتەوە، وە لە بارودۆخیکی لەم شیوەیەدا ئازادی تاکەکەس، ژنان وە مافی مرۆڤ هیچ مانایەکی نابی وەجیگەی لەم هاوکیشەیەدا نابیتەوە. وە سیناریۆی ئەم هەموو نەهامەتی و بیدەرەتانیانە لە ئیستادا لەئارادایە وە لە سایەی دەستورەکەشیاندا بیگومان خراپتر وە خراپتر دەبیت.

لیرەدا دەبیت کەمیك چاوو لە ئەزمونی وولاتانی دنیا بکەین کە هەموو کات وە لە پرنسیپدا یاساوو بریاری باش نەبوەتە مایەی کاری باش یان بە واتایەکی تر ئەو نوسراوە باشانە کارکرد وە عملی باشی بەدواوە نەبووە. خۆ ئەگەر تەنانەت چاو بە یاساکانی رژیمی فاشیستی بەعسدا بخشینین شتی باشی تیدا بوو بەلام کام کاری ئینسانی وە کام مافی مرۆڤ لە سایەی ئەو رژیمەدا بەدی ئەکرا؟

وە زۆریك لە دەستورو یاسای دەولەتە سەرکوتگەرەکانی ئەم سەردەمەش دەم لە مافی مرۆڤ ئەکوتی، بەلام!!!

من لیرەدا ئەلیم باشە ئەو برگە باشانە چین؟ بۆ نمونە لە برگەی ئازادیەکاندا هاتوە :

لە مادەی 17 دەلیت: " لكل فرد الحق في الخصوصية الشخصية بما لا يتنافى مع حقوق الاخرين والاداب العامة".

وەلە مادەی 36 دا دەلیت: " تكفل الدولة وبما لا يخل بالنظام العام والاداب ........"

لیرەدا دەردەکەوی تەنانەت لەو برگانەشدا کە بۆنی ئازادی لی هاتوە، مەرجی بۆ دانراوە وە بەندەکەیان لە ناوەرۆکی ئازادیەکە پاککردوەتەوە، وە ئەو ئازادیە مەرجدارکراوە بە پیی ویستی دەسەلات و ئایین.

لەراستیدا من هیچ شتیك وە یان برگەیەك لەو دەستورەدا بەدی ناکەم ئەگەر بە نوسراوەیش بیت کە لەبەرژەوەندی ژناندا هاتبی نەك ئەوەی کە دلم بە کارپیکردنی ئایندەی خۆش بیت. بەلکو بە پیچەوانەوە ئەگەر ئەو دەستورە پیادەبکریت بەو مانایەیە کە جەهەنەمیکی تەواو ئامادە کراوە بۆ ژنان.

**خەسرەو سایە: لەدەستوری بەعسدا هیچ ئاماژەیەك بە بەشداری ریژەی ژنان نەکراوە، بەلام لەرەشنوسی ئیستادا باس لەریژەی %25ی ژنان لە پەرلەمان و ئۆرگانە بالاکانی دەولەتدا دەکات.. ئایا ئەمە دەستکەوت نیە بۆ ژنان؟ ئایا ئەمە هەنگاویکی چاکسازی نیە لەراستای بەشداری ژنان لەدەسەلاتی سیاسی و کاروباری دەولەتدا؟**

هەلاڵە رافع: لە شکلدا لەوانەیە کەسیکی فیمینیست وا ببینیت کە ئەو نسبەتە دەسکەوتیکە بۆ ژنان، بەلام لە واقعدا ئەبی هەموو نوسراوو هاوکیشەکان وەك یەك پاکەت سەیر بکریت کە ئەم دەستورە لە لایەن کێوە نوسراوە؟ وە سەرچاوەی نوسینەوەی دەستور چیە؟ وە ئایا ئەو گرووپ و لایەنانەی کەلەم یارییەدا بەشدارن تائیستا چیان بۆ ژنان هەبوە تا لە دەستور وەیان لەدوای دەستور هەیانبی؟

هەرچەندە دان پیادانانی ئەوەش کە 25٪ ی ژنان بەشداری لە کاروباری سیاسیدا بکەن، لە ژیر فشاری هیزی رادیکالدایە لە لایەك، وە لە لایەکی تر بۆ خۆلکردنە چاوی کۆمەلگایە، بۆ ئەوەی دانەرانی دەستور بی وەلام نەمیننەوە لە بەرامبەر پرسیارێکدا کە سەبارەت بە مافەکانی ژنان بەرەورووەبنەوە. هەرچەندە کە بەشداری ژنان لە پەرلەمانیشدا بەمانای مەیسەرکردنی مافەکانی ژنان نایەتەوە بەلکو پیوانەکە ئەوەیە کە چ سیاسەت وە بۆچونیك لەو دەسەلاتە دا دەچیتەپیشەوە.

وە نزیکترین دیاردە ئەوە بوو کە لیستی شیعە 3/1 ی ژنان بوون بەلام ئایا بەرنامەیان بۆ ژنان چی دەبیت؟ بە پیی قسەوباسەکانی خۆیان ئەوان یاسای \سیاسیە جیا بکەینەوە کە لە پشت دەستورەوە وەستاوە تەنانەت ئەگەر 70٪ ژنانیش لە پەرلەماندا بن.

**خەسرەو سایە: سەلماندنی فیدرالیزم لەدەستوردا ئەو بۆچوونەی هیناوەتەئاراوە کەژنانی کوردستان دەتوانن مل بەسروشتی ئیسلامییانەی دەستوری عیراقی نەدەن و لەفۆرمی یاساکانی ناوچەی فیدرالدا خۆیان لەبەلای شەریعەت و پیوانە ئیسلامییەکانی رەشنوسی دەستوردا رزگار بکەن.. ئیوە چەندە ئەمە بە واقعی و عەمەلی دەبینین؟**

هەلاڵە رافع: نابی بەوە خۆشبین بین، چونکە بۆ ماوەی10 سال زیاتر کوردستان بەشیوەیەك لەعیراق جیابوو بەلام ئەحزابی کوردی نەك تەنها یاساکانی حیزبی بەعسیان وەلانەنا بەلکو تەنانەت دژایەتی ئەوانەشیان کرد کە لە دژی ئەو یاسایانە بوون.

کوردستان تائیستا ناوچەیەکی جیاکراوە نیە لە عیراق وە هەمان دەستورو یاسای سەراسەری دەیگریتەوە، وە نەك تەنها ئەوەش بەلکو خودی ئەحزابی کوردی خۆشیان بەشیکن لەو سیناریۆیە وە داریژەرانی ئەو رەشنوسەن.

لە راستیدا لە کوردستاندا وە لە ناو کۆمەلانی خەلکدا ئایین جیگاو ریگای نیە، بەلام ئەوە ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردین کە دەست بە گرووپە عەشایەری و دینیەکانەوە دەگرن وە ئیمکانیەت دەرژێننە بەردەستیان تا بتوانن بۆ مەرامە گلاوەکانیان بەکاریان بینن. من پیم وایە ئەم راستیانە لە ئیستادا بۆ خەلکی کوردستان زۆر ئاشکراو روونە وە خەلك هیچ تەوەهومێکیان بەمە نیە.

ئەگەر لە کوردستاندا بە شتیك خۆشبین بین ئەوە بە بزووتنەوەیەکی یەکسانیخواز خۆشبینم کە لە ماوەی 13 سالی پیشوودا داکۆکیکەری ئازادی، یەکسانی وە مافە مەدەنی و فەردیەکان بووە، وە دەبیت ئەو هیزە بیتە مەیدان وە ببیتە نمونەی هیزی پیشرەو بۆ هەموو عیراق.

**خەسرەو سایە: بەرای ئیوە ژنان دەبی چ هەلویستیکیان لەدەستوری ئیستا هەبی؟**

هەلاّلە رافع: ژنان دەبیت لەدژی ئەم دەستورە راوەستن وە لەهەولی وەلانانیدا بن لەبەرئەوەی ئەم دەستورە هیچ پەیوەندیەکی بە کۆمـەلگا وە خەلکـەوە نیـە، وە کیـشەو بەرژەوەندیەکانی کۆمەلگا وە ژنان هیچ نزیکایەتیەکیان بەم دەستورەوە نیە وە ئەو دەستورە بۆ یەك ساتیش لە نەهامەتی و دەردی سەری کۆمەلانی خەلك کـەم ناکاتـەوە. داواکاریەکانی ژنان وە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی دەبیت پەیوەست بیت بە خواستی خەلك وە ژنان دەبیت بەشدار بن لە ئایندەی سیاسی عیراقـدا تـا بتـوانن مافـەکانیان تیایدا فەراهەم بکەن:

دابین کردنی ئەمن و ئاسایش، وە وەلانانی داگیرکاری ئەمریکا، ئەمە لەکاتیکدایە کە خودی ئەمریکا خۆی دروستکەر وە هینەری ئـەم گـرووپ و لایەنـە عەشـیرەتی و قەومی و مەزهەبیەن، وە لەهەمان کاتیشدا ئەمانە بونەتە بوکەشوشەی دەستی ئەمریکا لە ناو عیراقدا.

دابینکردنی پیداویستی وە خزمەت گوزاریە کۆمەلایەتیەکان.

خواستی خەلك دابینکردنی ئازادی سیاسی، مافە مەدەنی و فەردییەکانی تاکەکانی کۆمەلگایە بە بی لەبەرچاوگرتنی وابەستەیی ئایینی، میللی وە رەگەزی.

وەلانانی دەستدریژی ئیسلام نەك تەنها لە مزگەوتەکاندا، بەلکو لە دام ودەزگا دەولەتیەکان، لە یاسادا، لە دەزگای پـەروەردەو فیرکـردن وە پـۆلیس...... . ئەمـە بـەو مانایەیە کە لە ئیستای کۆمەلگای عیراقدا دین نەك تەنها وەك کاری تاکەکانی کۆمەلگا نەماوەتەوە بـەلکو خزینراوەتـە هـەموو کـونج و کەلەبـەریکی بـونی ئینـسان وە ژیانیەوە، وە وەك ڤایرۆسی کوشندە بەکارهینراوە بۆ لەناوبردنی هەموو ئاسەواریکی ئینسانیەت و ئازادی و مەدەنیەت.